عبدالرحمن إبراهيم صقر

# چۆن دڵتەنگ بم
# کە تۆ خودامی

وەرگێڕانی
ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

Scanned by TapScanner

12:58 PM



# Kteb Xana کتـێـبـخـانــە

public channel

**Description**

کتێبخانەیەک تایبەت بە زیاتر فێربونو کاراکردنی عەقڵ و دور
کەوتنەوە لە نەزانین و رەشبینی.📚

هۆشیاری ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگە.
پەرەپێدانی ڕۆشنبیری تاک.
گەشەپێدانی هزری تاک.

@haval_pashaie10

ئـەکاونـتـەکانـم ✓ ⬇️

https://linktr.ee/havalpashaie

t.me/kteb_khana

Invite Link

Notifications

On

pScanner

ناوی کتێب: چۆن دڵتەنگ بم کە تۆ خودامی
ناوی نووسەر: عبدالرحمن إبراهیم صقر
ناوی وەرگێڕ: ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی
دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن
دیزاینی تێکست: زەردەشت کاوانی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( ١٩٧٣ )ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن
07511408868 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)



## پێشەکیی وەرگێڕ

ئایا باوەڕت وایە کە پێش ئەوەی وادەی مردنت بێ، بمری؟

ئایا باوەڕت وایە کە ئەو ڕزقوڕۆزییەی پەروەردگار بۆ تۆی داناوە، کەسێکی تر بیبات؟

ئایا باوەڕت وایە بەبێ ویستی خودا تۆ هیچت بەسەر بێ؟

دڵنیام هەرتاکێک لە ئێمەی موسڵمان بۆ وەڵامی هەریەکێک لەم پرسیارانە دەڵێین: نەخێر.

کەواتە ئەو هەموو دڵتەنگی و غەمباری و ترس و بیمەی ئێمە لەپای چییە؟

قەسەم بە خودا، تا ئەو ساتە نەیەت کە پەروەردگار بۆتی دیاری کردووە، تۆ نامری، لەبەرامبەریشدا دڵنیا بە، ئەگەر هەموو غەمی دونیا بە کۆڵدا بدەیت و سامانی قارونت هەبێ، چرکەیەک لەو تەمەنە زیاتر ناژیت کە خودا بۆتی داناوە... کەواتە بۆچی دڵتەنگ دەبی؟

قەسەم بە خودا، ئەو ڕزقوڕۆزییەی بۆ تۆ دانراوە، هەر بۆ تۆیە، تەنانەت ئەگەر هەموو دونیاش هەوڵی زەوتکردنی بدەن، ناتوانن... دڵنیاش بە، ڕزقێک خودای گەورە بۆ تۆی بڕیار نەدابێت، ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی هاوکارت بن بۆ

ئەوەی بۆ تۆ بێ، نابێ بە هیی تۆ، کەواتە دڵتەنگیت لەپای چی؟

قەسەم بە خودا، ئەوەی خودا ویستی لەسەر نەبێ ڕوو نادات، شتێکیش خودا لەسەر تۆی نەنووسیبێ هەموو دونیا بیەوێ ڕوو بدات، ڕوو نادات، شتێکیش زاتی ئەو ویستی لە سەر ڕوودانی بێ، ئەوا هەر ڕوو دەدات و هیچ هێزێک ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ، تۆیەکیش کە بەردەوام گومانی باش بە خودا دەبەیت، دڵنیا بە خودای گەورە بەندە دڵسۆزەکانی شەرمەزار ناکات، کە دڵنیاشیت هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە، ئەوە چ شتێکە تۆ غەمبار دەکات؟

ئەم کتێبەی بەردەستت هەوڵێکە بۆ ئەوەی جارێکی تر لەو غەفڵەتە بەئاگامان بهێنێتەوە کە:

لە دەستدانی هیچ شتێکی ئەم دونیایە شیاوی ئەوە نییە غەمی بۆ بخۆیت و بۆی دڵتەنگ بیت...

چوونکە هەرچی هەیە و هەرچی ڕوو دەدات لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی خودای جیهانیاندایە.

لە کاتێکیشدا کە ئەو هەمیشە ئاگادار و بیسەر و بینەری بەندەکانیەتی و دەفەرمووێ، هەرکاتێ بەندەکانم داوای شتێک لە من بکەن، ئەوا من نزیکم لێیانەوە.

کەواتە بەمە بۆمان دەر دەکەوێ، دڵتەنگی و بێزاری و ترسی ئێمە لە شەیتانەوەیە، هەر ئەویشە بەردەوام بەندەکانی خودا دەترسێنێ، بەڵام لە ڕاستیدا، بەندە دۆستانی خودا هەرگیز دڵتەنگ نابن، پەروەردگار دەفەرمووێ:



﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾

[یونس: ٦٢]

واتە: ((ئاگادار بن، بێگومان دۆستانی خوا ترسیان لەسەر نییە، دڵتەنگ و غەمباریش نابن)).

هیوادارم بە وردی و ڕامانەوە ڕازەکانی ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، دڵنیام دوای خوێندنەوەی هەریەکێکیان هەست و بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر دەبێ، تەنانەت خودی ناوونیشانی کتێبەکە بەئاسانی جێ مەهێڵە و لێی ڕابمێنە.

خودای گەورە ئەم هەوڵە بۆ نووسەر و بۆ وەرگێر و ئێوەی خوێنەرانیش بکاتە مایەی سەرفرازیی هەردوو دونیا.

( وەرگــێر )

Scanned by TapScanner

## پێشەکی

ڕەنگە بە چەندین کاتی سەخت و دژواردا تێپەڕ ببین، ڕەنگە دڵتەنگ ببین، ڕەنگە ئازار بچێژین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیوایەکی گەورە بۆ ژیان دەمێنێ، ئەویش: بگەڕێوە بۆ لای خودا، بۆیە وەک پابەندییەک بەم ڕستەیە پێویستە بڵێین: چۆن دڵتەنگ بم کە تۆ خودامی...

چۆن دڵتەنگ بم کە غەمەکەم خودایەکی هەیە و تۆی (یا الله). خودایە هەر ناخۆشییەک بێتە ڕێم، بە ترسان لە زاتی تۆ دەرچەی ڕزگاربوونم بۆ دەکرێتەوە، چوونکە ئەمە بەڵێنی خۆتە:

﴿...وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ...﴾ [الطلاق: ٢ – ٣].

واتە: ((... هەرکەسێک لە خودا بترسێ و سنوورەکانی بپارێزێ، خودا دەرووی خێری لێ ئەکاتەوە، لە لایەکیشەوە ڕزقوڕۆزیی بۆ دەڕەخسێنێت کە هەر بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ...)).

چۆن دڵتەنگ بم؟ ئەگەر نەخۆش بم، شیفام، تەندروستیم، هێزم، لای تۆیە.



چۆن دڵتەنگ دەبم تەنانەت ئەگەر دونیاش بە ڕوومدا تەنگ بێ، پەنا و ئاسوودەیی من هەر بۆ لای تۆیە و لە سێیەکی سەرەتای شەویشدا هەرچی بڵێم ڕەتکردنەوەی نییە، تیری شەو هەڵە ناکات و ئامانجی دەپێکێ.

چۆن دڵتەنگ بم لە کاتێکدا تۆ لە دایک و باوکە بەسۆزەکەم زیاتر لەگەڵمدا میهرەبان و نەرمونیان و لێبوردە و بەخشندەتری؟

چۆن دڵتەنگ بم لە کاتێکدا خودایەکم هەیە، هەرکات سوپاسگوزاری بکەم ئەو زیاترم پێ دەبەخشێ، تەنانەت ئەگەر ستەم لە دەروونی خۆشم بکەم، زاتی ئەو ئارەزووی بیستنی دەنگی من دەکات و چاوەڕێی پاڕانەوەی من دەکات

﴿...لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡ...﴾ [ابراهیم: ٧].

واتە: ((... ئەگەر سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر بن، ئەوا ڕزقوڕۆزی و نازونیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم...)).

چۆن دڵتەنگ بم لە کاتێکدا تۆ ستەمت لەسەر زاتی خۆت یاساغ کردووە، لەنێوان ئێمەشدا حەڕام کردووە، هەر خۆشەویستێکت هەبێ پاراستووتە، هەر دوورێک هەبێ زاتی تۆ لێ نزیکە، هەر تەنیایەک هەبێ تۆ لەگەڵیدایت.

چۆن دڵتەنگ بم کە زاتی تۆی بێنیاز خودامی؟ ئەو دەمەی دڵتەنگ دەبین، یان ماندوو، یان ڕق لە شتێک هەڵدەگرین، یانیش دونیا بە ڕووماندا تەنگ دەبێ، دەخولێینەوە و دەسووڕێینەوە،

Scanned by TapScanner

بیر دەکەینەوە و دادەمێنین، بۆ لای کێ بچین و سکاڵای حاڵی خۆمان بۆ لای کێ ببەین؟ کێ یارمەتیمان دەدات؟ کێ غەم و ئازاری بەرۆکگرتوومان لەسەر لا دەدات؟ لەو دەمەدا ئەو زاتەمان لەیاد کردووە کە چارەسەری هەموو شتێکی لایە، ڕزقوڕۆزی، بەختەوەری، ئاسوودەیی، هەموو شتێک...

کەمێ بیر بکەرەوە.. هەموو شتێک!

لای کێ؟

بەدوای ئەو زاتەدا ناگەڕێین کە خاوەندارێتیی هەموو شتێک دەکات، غەملادەر، بەرەکەت خستنە ڕزقوڕۆزی، نەهێشتنی پەژارە، هەموو شتێک لەژێر فەرمانی ئەودایە و هەر زاتی ئەویشە دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

کەسێ بەدوای ئاسوودەییەوە بێ، ئایا جگە لەلای زاتی ئەو، لە شوێنێکی تر دەستی دەخات؟

جگە لە زاتی ئەو، کەسێ هەیە غەم و پەژارەی سەر دڵان وەلا نێ؟ نەخێر، قەسەم بە زاتی ئەو.

تکاکارم لە خودای گەورە بەختەوەرتان بکات.

(إبراهيم صقر)



## پێشەکیی نووسەر

بەرزکردنەوەی هیممەتی دەوروبەر لەلای پەروەردگار یەکێکە لە شکۆمەندترینی پەرستشەکان، هەرکەسێکیش هیممەتی خەڵکی بەرز بکاتەوە، ئەوا پەروەردگار لە مەترسی دەیپارێزێ و بەرزی دەکاتەوە.

لەم کتێبەدا چەندین ڕاز و دەقی جوان و موناجاتم لەگەڵ خودا نووسیوە، وشەکان هەمەجۆر و دەستەواژە و گوزارشتەکان هەمەچەشنن و لە یەکتر جیاوازن.

من لەم کتێبە خاکی و سادەیەدا تەنها ئەو ڕازانەم نووسیون کە دڵمیان ئۆقرە پێ گرتووە و عەقڵ و هۆش و ئاوەزیان قەناعەت پێ کردووم.

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەرێنی جیهانیان، کە تەمەنی پێ بەخشیم بۆ بەپایانگەیشتنی.

سەلامی پەروەردگار بڕژێ بەسەر تۆ و دڵی پڕ لە ئازارت، دەمەوێ هەواڵی شتێکت پێ بدەم کە زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوانت و دەتخاتە پێکەنین...

Scanned by TapScanner

پەروەردگار تۆ دەبینێ و گوێبیستی ترپەی دڵیشتە، زاتی ئەو بە فرمێسکەکانت بەئاگایە و دەیانبینێ، پەروەردگار بینەری ئەو فرمێسکانەیە کە تۆ لە نیوەشەودا دەیانخەیتە سەر ڕوومەتەکانت، چاوێکیشت لەسەر ئایەتەکانی پەروەردگار بێت خەڵکیش لە شیرنەخەودان.

هاوڕێکەم، ئایا ئەم ئایەتەت نەخوێندۆتەوە کە پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿...إِذۡ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَاۖ...﴾ [التوبة: ٤٠].

واتە: ((... پەیامبەریش(ﷺ) بە هاوەڵەکەی -کە ئەبوبەکری سدیق بوو- فەرموو: ترست نەبێ، چوونکە خوا لەگەڵمانە...)).

تۆش ئارام بە هاوڕێکەم، پەروەردگار لەگەڵماندایە و هەرگیز لێمان دانابڕێ.

من ئامۆژگارییەکت پێ دەبەخشم، گەر وەک خۆی وەری بگری، بەدڵنیایی هەست بە ئارامی و ئۆقرەیی دەکەیت، هەوڵ بدە بەردەوام ئایەتەکانی قورئانی دەوری دڵت بدەن، هەمیشە دڵنەوایی ناخت بە فەرمایشتی پەروەردگار بکە کە دەفەرمووێ: ﴿...لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡ إِنَّا مُنَجُّوكَ...﴾ [العنكبوت: ٣٣].

واتە: ((... مەترسە و دڵتەنگ مەبە، چوونکە بێگومان ئێمە ڕزگارت دەکەین...)).

ترسی خۆت بەم ئایەتە ڕابماڵە کە زاتی (الله) دەفەرمووێ: ﴿قَالَ لَا تَخَافَآۖ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ﴾ [طه: ٤٦].



واتە: ((خودای گەورە فەرمووی: مەترسن، بەڕاستی من لەگەڵتاندام، دەبیستم و دەبینم)).

بزانە و دڵنیاش بە، غەم و پەژارەی ناخت ناهێڵێ، هاوشێوەی ئەوەی بە موسای بەخشی، فەرمووی: ﴿قَالَ قَدۡ أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ﴾ [طه: ٣٦].

واتە: ((خودای گەورەش فەرمووی: ئەی موسا، هەموو داخوازییەکانت بەجێ و پەسەندە، وا هەموویانت پێ درا)).

دڵنیا بە هاوڕێکەم، تۆش هەموو ویستە بەجێکانت پێ دەبەخشرێن، مەترسە، قەسەم بە زاتی خودا، هەرگیز پەروەردگار بەندەکانی خۆی ڕیسوا و شەرمەزار ناکات..

Scanned by TapScanner




# پەیامی شادومانی



Scanned by TapScanner

بۆ غەمەکەت: نوێژ هەیە

بۆ ئازارەکەت: قورئان هەیە

بۆ تاوانەکەت: تەوبەکردن هەیە

بۆ خەونەکەت: پاڕانەوە هەیە

بۆ هەموو ئەو شتانەی لە دەستت چوون...

بەهەشتێك هەیە.

متمانەت بە خودا هەبێ

بە کچەکەی گوت: بەڕاستی من سەرسامم بە تۆ، ژمارەی موبایلەکەتم دەوێ، تا دواتر زیاتر یەکتر بناسین.

کچەکە گووتی: -٢-٢٩-١٨٩.

گوتی: ئەوانە چین؟

کچەکە: سورەتی (٢)، لاپەڕە (٢٩)، ئایەتی (١٨٩). ﴿...وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [البقرة: ١٨٩].

واتە: ((... ئەگەر ویستتان بچنە هەر ماڵێك، ئەوە لە دەرگاکەیەوە بچنە ژوورەوە و لە خودا بترسن، سا بەڵکوو سەرفراز و بەختەوەر بن)).

کەسێك خەوت و خەونەکەی خۆی بە خودا سپارد،

پەروەردگاریش لە سەر ڕووناکی وەڵامدانەوە بەئاگای هێنا!

Scanned by TapScanner

هیچکات لە گەڕانەوە بۆ لای خودا دوودڵ و ڕاڕا مەبە، تەنانەت ئەگەر تاوانەکانت گەلێك زۆریش بن، ئەو زاتەی تۆی لەژێر سەقفی تاواندا حەشار دا، چۆن لەژێر باڵی تەوبەدا بێهیوات دەکات؟

ئەو خودایەی تۆ پێی دەڵێی ڕوحم قوربانت بێ

ئایا گومان دەکەی جێت بهێڵێ و بێهیوات بکات؟

تەنانەت لەناو سکی حوتیشدا هیوایەك هەیە، لەبەرامبەر ئەوەی لێشی دەترسی پەروەردگارێکی بەخشندە هەیە.

لەنێوان چاوتروکانێك و یەکێکی تردا پەروەردگار حاڵێك بە حاڵێکی تر دەگۆڕێ.

" خودا هاوکاریی هەموو ئەو دڵانە دەکات کە بەهێزەوە خۆیان دەر دەخەن، لە ناخەوەشدا شکاوترینن. "



بەرەو ڕووی ژیان زەردەخەنە بکە، لەگەڵ بارودۆخەکان زەردەخەنە بکە، بۆ واقیع و دۆخی ژیانت زەردەخەنە بکە،

پاشانیش بە زەردەخەنەیەکەوە پشتئەستوور بە بە خودا و ڕازی بە بەوەی بۆی بڕیار داوی.

شێخەکەم هەموو کات پێم دەڵێ: بگەڕێوە لای خودا، تەنانەت ئەگەر هەزار جاریش تاوانت ئەنجام دابێ.

﴿...وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي...﴾ [طه: ٣٩ ]

واتە: ((... خۆشەویستیم بەسەرتدا ڕژاند...)).

پەروەردگارا، لەو کەسانەمان بگێڕی کە خۆشەویستیی خۆتیان بەسەردا دەڕێژی.

لەو بەندانەی لە زەویدا ڕەزامەندیت پێ بەخشیون و لە ئاسمانیش خۆشەویستی.

ئەی ئەو کەسی وازت لە نوێژ هێناوە،

چیت لە خودا بینیوە کە وای لێ کردووی بەو ئەندازەیە ڕقت لە دیداری ئەو بێ؟

Scanned by TapScanner

﴿...يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ﴾ [يس: ٧٨]

واتە: ((... زاتی ئەو ئێسکەکان زیندوو دەکاتەوە، لە کاتێکدا هەموو ڕزیو و پڕووکاون!)).

ئەدی چی لەبارەی خەون و ئامانجە بچووکەکەی تۆ؟ ئایا گومان دەبەیت کە خودا توانای بەسەریدا نییە؟

سەرەڕای هەموو تاریکییەکان، من ڕووناکییەك لەدەورم دەبینم، چوونکە پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿... وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ [البقرة: ١٥٥].

واتە: ((... جا مژدەش بەو کەسانە بدە کە ئارامگرن)).

لێخۆشبوونی تۆمان دەوێ، لێخۆشبوونی تۆ، بەڕاستی ئێمە شتگەلێکمان ئەنجام داوە کە زاتی تۆ پێیان ڕازی نییە.

لەپێناو مانەوە لە ژیاندا پێشبڕکێ دەکەین، لە کاتێکدا هەموومان زۆر باش ئەو ڕاستییە دەزانین کە خودی ژیانیش بەرەو فەنابوون و تەواوبوون دەچێ!



گەڕانەوەت بۆ لای خودا، تاکە گەڕانەوەیە کە بەرەو پێشت دەبات!

ئایا دەبێ باشتر لەوە چی بێ کە تۆ لەسەر زەوی سووژدە لە بەردەم زاتی خودا ببەیت و لەگەڵی بدوێی، بگریەیت و سکاڵای حاڵی خۆتی لا باس بکەیت، زاتی ئەویش گوێبیستت ببێت و لەسەرووی هەرحەوت چینی ئاسمانەوە وەڵامت بداتە؟

پەروەردگارا، لە بیری هێزی خۆم دەرم بهێنە، با تەنها هێز و دەسەڵاتی تۆ لە هزر و بیرمدا بێ.

بە دەنگێکی کز و شاراوە لە سووژدەکەیدا گوتی، من داوات لێ دەکەم...

لەو دەمەدا دەنگی بانگبێژ بەرز بوویەوە و دەیفەرموو:

الله أكبر

Scanned by TapScanner

سەلام و ئاشتیی خودا لەسەر ئەو کەسانەش بێ کە شکانی ئێمەیان دەویست، بەڵام پەروەردگار ویستی ئەوانی تێکشاند و هێز لەدوای هێزیشی بە ئێمە بەخشی.

کورتترین چیرۆکی ترسناك لە قورئانی پیرۆز بریتییە لە:
﴿...نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ...﴾ [التوبة: ٦٧]
واتە: ((... خودایان لەبیر چۆتەوە و یادی ناکەن، خوداش ئەوانی لە ڕەحمەتی خۆی بێبەش کردووە...)).

پاشان تۆ دەخەوی،
لە کاتێکدا پەروەردگار ناخەوێ و هەناسەی ژیانت پێ دەدات.

"سبەی دەڵێین: لە ڕاستیدا کارەکە ئاسان نەبوو، بەڵام نزاکان بۆیان ئاسان کردین!!"



هەموو خۆشەویستییەك ئازاری هەیە...
جگە لە خۆشەویستیی خودا، کە هەمیشە و بەبەردەوامی ئاسوودەییە.
هاوڕێکەم، سوێندت بۆ دەخۆم،
جیابوونەوە لە هەندێك کەس شیاوی ئەوەیە سووژدەی شوکر ببەیت.

بە هۆکاری سزاکەی لە خودا دەترسم،
بەڵام خودام خۆش دەوێ، چوونکە بەزەیی و دادوەری و ڕەحمەتی زاتی ئەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە.
خودا لە نزاکانت تێدەگات، تەنانەت ئەگەر هیچ وشەیەکیشت بۆ دەربڕین دەست نەکەوێ،
ئەوەی لە سەر تۆیە، تەنها یەقینت هەبێ کە تۆ لەگەڵ خودادا دەدوێی.

Scanned by TapScanner

چاوەکانت بپارێزە، سەرمەشق و ڕابەرەکەت فەرموویەتی:
«چاو زینا دەکات، وەك چۆن داوێن زینا دەکات».
ئەو سەرەتایەی کە پەروەردگار ڕازی نەکات،
هەرگیز کۆتاییەکەی خاوەنەکەی ڕازی ناکات.

لە ڕستە هەرە ترسێنەرەکان، کاتێك پەروەردگار لە بەندەیەك
لە بەندەکانی تووڕە دەبێ، ئەوا بەندەکە دەداتە دەستی خۆی!
ئەمەش بەسە بۆ تیاچوونی.
دڵنیا بە، ئەوەی ڕوو دەدات، بە ویست و فەرمانی پەروەردگارە،
نەوەك ویست و فەرمانی مرۆڤەکان.



لە نیشانەکانی بردنی گومانی باش بە خودا، ئەوەیە کە بەردەوام
بپاڕێیتەوە،
تەنانەت ئەگەر وەڵامدانەوەکەش دوا بکەوێ.
من نازانم قەدەرم بۆ کوێم دەبات، بەڵام ئەوەی زۆر لێی دڵنیام و
یەقینم پێی هەیە، دەزانم خودایەك هەیە و ئەو خودایەش هەر
بەندەیەکی دروست کردبێ لەیادی ناکات.

پەروەردگارا، بۆنی یوسفمان بەسەردا ببارێنە،
ئێمە لە غەم و پەژارەی یەعقوبداین.
ئای، ئاسمان چەندە لێمان دوورە!
خوداش چەند نزیك!

ئایا دەزانی خودا کێیە؟

تۆ دەرگای ژوورەکەت دادەخەیت تا سەرپێچی بکەیت،

کەچی زاتی ئەو لەژێر دەرگاکەوە هەوات بۆ دەنێرێ تا نەخنکێی.

پەروەردگارا، من دوورم، زۆر دوور، تکام وایە بە گەڕانەوەیەکی

جوان بمگێڕیتەوە لای خۆت،

تەنانەت ئەگەر منیش لاساری بکەم و ئەو گەڕانەوەیە ڕەت

بکەمەوە!

تەنها بۆ چەند خولەکێك بیر لەوە بکەرەوە:

((خودا بە گەورەیی خۆی خۆشی دەوێی!))

هەرچیی دەتەوێ خەونی پێوە ببینە، دڵنیا بە هیچکات خودا

شەرمەزارت ناکات.

تەنها سەر بەرز بکەرەوە و بڵێ: ئەی خودایە...



بە هەر گەردە خۆشەویستییەك کە لە دڵی مندا هەیە، لێت

دەپاڕێمەوە...

پەروەردگارا، هەرگیز مەمخە دەستی خۆم، ئەگەرچی تاوان و

سەرپێچییەکانم گەلێك زۆریش بن.

من بەندەی لاوازی تۆم، بەرگەی سزای تۆ ناگرم!

پەروەردگارا، پەنات پێ دەگرم لە نوستنێکی بێئاسوودەیی،

لە هەستانێکی بێ ئامانج،

لە ڕۆژێك کە ئێوارەکەی وەك بەیانییەکەی بێ، شەوەکەی وەك

ڕۆژەکەی.

بۆ ئەو پشتیوانەی کە بۆ چاوترووکانێکیش جێم ناهێڵێ:

خۆشم دەوێی خودایە، بە گەورەیی تۆ سوێند دەخۆم.

هەرچیی خودای گەورە لەسەرت لا دەدات شەڕ نییە!

بەڵکوو ڕەنگە تۆ ئەو خێرە بێت کە خودا گەورە لەسەر کەسانێکت

لا دەدات، چوونکە ئەوان شیاوی ئەو باشییەی تۆ نین.

زەردەخەنە دەکەیت: چاکەیەکت بۆ دەنووسرێ

نەخۆش دەکەویت: پاداشتت هەیە

ئارام دەگری: لەدوای ناخۆشی خۆشیت بۆ هەیە

چ ئایینێک لەمە جوانترە؟

ئەو خەون و ئامانجانەی کە هیچکەس گرنگییان پێ نادات، دڵنیا بە

«هەموویان لەژێر چاودێریی پەروەردگاردان!»

دڵت ئاسوودە بکە، پەروەردگار هیچکات نیەتە ڕاستگۆکان ون ناکات،

هەر بۆیە ڕاستگۆ بە، تەنانەت ئەگەر هەموو کەسەکانی دەورت

درۆزن بن.

دڵنیا بە، هەر خێرێک پەروەردگار بۆ تۆی بڕیار دابێ، بە هیچ

مرۆڤێک ناوەستێ،

پەروەردگار بەندەیەک بێهیوا ناکات کە گومانی باشی پێ بردبێ.



ئەگەر لە پەژارە و غەمێکدا خەڵکی پشتیان تێ کردی،

ئەوا بزانە زاتی پەروەردگار دەیەوێ کارەکەت بگرێتە ئەستۆ!

ئەگەر لەبارەی خراپەی کەسێکەوە بۆت دوان،

بڵێ: پەروەردگار لە ئێمە و ئەویش خۆش بێ...

بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە کە ئارەزوو دەکەیت بەو

جۆرە مامەڵەت لەگەڵدا بکرێ، ئەمەش لەژێر دروشمی:

ئەوەی بۆ خۆت پێی ڕازی نیت، بۆ غەیری خۆتیش پێی ڕازی

مەبە.

سەلام و ئاشتیی خودا لە سەر ئەو کەسانەی کە پەیمانیان دا

سەرپێچی ناکەن،

چوونکە دەزانن کە ﴿... إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا﴾ [الإسراء: ٣٤].

واتە: ((... چوونکە بەڕاستی خاوەن پەیمان لە ڕۆژی دواییدا

بەرامبەر بە پەیمانەکەی بەرپرسیارە)).

Scanned by TapScanner

﴿... فَإِنِّي قَرِيبٌ ...﴾ [البقرة: ١٨٦]

واتە: ((... من نزیکم...)).

ئای، ئاسمان چەند دوورە و خوداش چەندە نزیك!

پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە هەمیشە نزیکی لێی مایەی ئارامی و ئاسوودەییە.

پەروەردگارا، لە هەموو ئەو شتانەی داوامان لێ کردوویت، پێت بەخشیوین!

بۆچی دوودڵ و ڕاڕا بین؟

بۆچی غەمبار بین؟

بۆچی بێهیوا بین؟

هەموو کاروباری ئێمە لە دەستی پەروەردگارماندایە، دڵنیا بە ئەوەی پێویستتە، داوای لێ بکە، بە ویستی خۆی پێت دەبەخشێ.



خۆبەراوردکردن دوژمنی بەختەوەرییە...

بە ڕەفتار و کەسایەتی و عەقڵی جوانت جیاواز بە، تۆ تاکە کەسێکی، بۆیە بە دڵی منداڵێك و بە عەقڵی دانایەکەوە بژی، دەروونی خۆت بە خۆبەراوردکردنی بە کەسانی تر بچووك مەکەوە.

ئەگەر بڕیار بێ بەراوردکردنێك هەبێ، ئەوا با لەنێوان ڕابردوو و ئێستای خۆتدا بێ!

تا زیاتر هامشۆی و هاونشینیی خەڵك بکەیت، زیاتر دڵنیا دەبیت کە ڕەوشتیش هاوشێوەی ڕزق‌وڕۆزییە...

لەلایەن خوداوە دابەش کراوە، هەیە تیایدا دەوڵەمەند و هەشە هەژار.

ئەو دەمەش کە پەروەردگار ویستی ستایشی پێغەمبەرەکەی بکات، بە نەژاد و ماڵ و شێوە ستایشی نەکرد، بەڵکو فەرمووی:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ [القلم: ٤]

واتە: ((بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێوێنە و مەزنیت)).

خۆشەویستیم بۆ خاوەن ڕەوشتە بەرزەکان، بەڕاستی ئەوان سەرمەشقی ڕەوشتن.

هەستەکانی مرۆڤ زۆر کاریگەرن

بە ئەندازەیەك کە وشەیەکی جوان دەتوانێ باڵ بۆ دڵ دروست بکات
وشەیەکی ڕەق و توندیش، دڵێك وێران دەکات
بۆیە وشە و تێڕوانینەکانتان بەوردی دەر ببڕن
چوونکە کاریگەرییەك لەسەر دڵی بەرامبەر دروست دەکەن، کە ڕەنگە بەئاسانی نەسڕێتەوە.

هەندێ جار بەڵا و ناخۆشی تەنها بۆ ئەوە دێ کە بەهای ڕۆژە ئاساییەکانی ژیانمان بزانین، کە زۆر بە ئارامی و ئەسپایی بەسەرماندا تێپەڕ دەبن و سوپاسێکی خودایان لەسەر ناکەین.
پەروەردگارا، بە سۆز و میهرەبانیی خۆت مامەڵەمان لەگەڵدا بکەیت.
ڕۆژانی داهاتووشمان بەئارامی و دوور لە زیان بەسەردا تێبپەڕێنە.

کەسێك کە لە پشکی تۆ و قەدەری تۆ نییە،
بەڵام لە دڵتدا جێگیر دەبێ و بیرکردنەوەکانت سەرقاڵ دەکات...
پەروەردگار، دڵمان بە جگە لە غەیری زاتی خۆت و ئەوەی خێرە بۆمان وابەستە نەکەیت.



ئارام بە، ڕاڕایی و دوودڵی هیچ شتێك ناگۆڕێ، بەڵام متمانەبوون بە خودا هەموو شتێك دەگۆڕێ،
هەر چەندە لە دید و تێڕوانینی تۆشدا ئەو شتە قورس و ئەستەم بێ.
گشت هیوا و ئاواتەکانمان بە خودا سپاردووە
لای خوداش تکاکاران بێهیوا نابن.

هیواکانمان خودایەکی بەخشندەیان هەیە
هەر کە بەخشیی، بەخشینەکان تووشی شۆکمان دەکەن.
﴿...وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ﴾ ئەمە مەرجە.
﴿يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا﴾ ئەمە بەڵێنە.
﴿وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُ...﴾ ئەمەش پاداشتە.
واتە: ((... هەرکەسێك لە خودا بترسێ و سنوورەکانی بپارێزێ، خودا دەرووی خێری لێ دەکاتەوە، لە لایەکیشەوە ڕزقوڕۆزیی بۆ دەڕەخسێنێت کە هەر بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ...))

بۆیە مەرجەکە بەدی بهێنە
تا شیاوی بەڵێن بی و
لە کۆتاییشدا پاداشتەکە بەدەست بهێنی.
ئەوەی خودا بیەوێ دەبێ.
ئەوەشی نەیەوێ نابێ...
سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەو جوانسازاندنەی.



لەسەر هەر ڕووبەرێکی کاتت ئەمانە بڕوێنە:
أستغفر الله، سبحان الله، الحمدلله، شوکرانەیەك...
ئێوارەم کردەوە و زانیم...
پەروەردگارا، ئەگەر هەموو ئەهلی سەر زەوی کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکم پێ بگەیەنن،
ئەوا بەدڵنیایی ناتوانن، ئەگەر تۆ بۆت نەنووسیبێم.
خۆ ئەگەر کۆش ببنەوە، ئەوا من تۆم بەسە و هەر تۆش چاکترین چاودێر و یارمەتیدەری.
هەموو جارێك «باڵندەکان لەسەر هاوشێوەی خۆیان نانیشنەوە».
پەروەردگار هەندێ جار بەندە باشەکانی بە چەند سەختییەك تاقی دەکاتەوە،
تا کۆمەڵێ وانە و پەندی گرنگی ژیانی فێر بکات.

لەبارەی خوداوە بۆم بدوێ...
زاتی ئەو ڕزگارکارە، لەو دەمەی هەمووان گومانی ئەوە دەبەن کە تۆ تیا چووی.

پەروەردگار پشتیوانتە، ئەو دەمەی هەمووان دەستی خۆیان لە هاوکاریت دەکێشنەوە...

پەروەردگار ڕووناکیی تۆیە، ئەو دەمەی بەتەنهایی لە تاریکیدا ڕێی دەکەیت...

خودا بیسەری ئەو نزایەشتە، کە تۆ بەبێدەنگی لە دڵتەوە دەری دەبڕیت...

بۆ خودا بە، هەموو شتێك بۆ تۆ دەبێ،

هەرگیز خودا لە ناوەڕاستی ڕێگە جێت ناهێڵێ،

وەك ئەوەی بەشێك لە مرۆڤەکان دەیکەن...

زاتی ئەو سەیری تۆ دەکات،

بەڵام تۆ ئەو نابینی...

بە دانایی زاتی خۆی بەرەو خێرت دەبات،

کە ڕەنگە زۆر جاران تا ماوەیەك لە خێرەکەی تێنەگەیت...

پەروەردگار لە تۆ و لە دەنگت دوور ناکەوێتەوە،

هەرچەندە تۆ لێشی دوور بکەویتەوە، ئەو هەر دەفەرمووێ:

﴿... فَإِنِّي قَرِيبٌ ...﴾ [البقرة: ١٨٦]

واتە: ((... من نزیکم...)).

یەکێك لەو شتە گەورانەی کە تۆ پێی لە پەروەردگار نزیك دەبیتەوە، بریتییە لەوەی کە لەنێوان زاتی ئەو و تۆدا شاراوەیەك هەبێ و کەس نەیزانێ، ئەو شتە بۆ ڕۆژێ هەڵبگری کە تیایدا پێویستت بە کردەوەی چاك دەبێ.

دڵنیا بە هەرگیز بەختەوەری و هەستکردن بە ئاسوودەیی و ئارامی بە جگە لە نزیکبوونەوە لە خودا و هەوڵدان بۆ بەرفەرمانیکردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی زاتی ئەو، بەدەست ناهێنی.

پەروەردگارا، لەوانەمان بگێڕی کە بەختەوەرت کردوون:

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۖ عَطَآءً غَيۡرَ مَجۡذُوذٖ﴾ [هود: ١٠٨].

واتە: ((ئەوانەش کە کامەران و بەختیار کراون ئەوە لە بەهەشتدان، بۆ هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە، هەتا ئاسمانەکان و زەوی هەبێت (کە ئەویش بۆ هەتاهەتایی دروست کراوە لە قیامەتدا) و مەگەر پەروەردگارت ویستی (گۆڕانکاریی) هەبێت، ئەمەش بەخششێکە هەرگیز کۆتایی نایەت)).

بۆچی فڵانە کەس تا ئێستا هاوسەرگیریی نەکردووە؟

زۆر سەیرە فیسار تا ئێستا منداڵی نەبووە!

بۆچی کوڕەکەی فڵان لە زانکۆ دەر نەچووە؟

فڵان چۆن بەو مووچەیە دەژی؟

ئیتر بەسە ئەم خۆتێهەڵقورتێنییە، واز لە خەڵکی بهێنە کاری خۆیان بکەن، هەموو بەندەیەك بارودۆخ و نهێنیی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە، خۆ ئەگەر کاروباری دونیا بە دەستی خۆیان بووایە، ئەوا جوانترین و تەواوترینیان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، بێ

Scanned by TapScanner

ئەوەی تۆ بیریان بخەیتەوە کە لە چییان کەمە و چییان ناتەواوە.
﴿إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ [المؤمنون: ١١١]
واتە: ((جا با بزانن کە) بێگومان ئەمڕۆ من پاداشتم داونەتەوە بە هۆی ئەوەوە کە خۆگر بوون، بەڕاستی هەر ئەوانیش سەرکەوتوو و سەرفرازن)).

نەیفەرمووە:

بە هۆی ئەوەی نوێژیان کرد...

یان بە هۆی ئەوەی بەڕۆژوو بوون...

یان بە هۆی ئەوەی خێر و چاکەیان کرد...

بەڵکوو بە هۆی ئەوەی ئارامگر بوون!

چوونکە ئارامگرتن پەرستشێکە، تۆ بەئازارەوە ئەنجامی دەدەیت!
بە ویست و ئیرادەی خودا ڕازی بە، ئەوەشی دەتەوێ داوای لێ بکە،
ئەوەی پێت دەبەخشێ قبوڵی بکە، دڵنیا بە جگە لە خێر، هیچی ترت پێ نابەخشێ،
هەرشتێکیشی لێت قەدەغە کردبێ، دڵنیا بە خێرێکی بۆ تۆ تێدایە.

ئەو هیوا و گەشبینییە چەندە جوانە کە هەواڵ بە دڵت دەدات و دەڵێ: لەم نزیکانە پەروەردگار دڵت خۆش دەکات.
دەڵێ: ئەو دەمەی لە لایەکەوە دونیا بە ڕووتدا وێک دێتەوە و بەرتەسک دەبێ،
ئەوا بەدڵنیایی زاتی ئەو لە لایەکی تر بۆت فراوان دەکات.

Scanned by TapScanner

هەموو دەرگایەك، ئەگەرچی داخستنەکەشی درێژە بکێشێ،
ئەوا ڕۆژێ ئەو ئارامگرتنە جوانەت دەبێتە کلیلێك...
پەروەردگارا، گوشادی سینەمان پێ ببەخشی و هەموو
بەرتەسکی و تەنگییەکمان لێ بەدوور بکەی.
هیچکات ئارامگریت لەدەست مەدە، هەرچەندە فەڕەحنایی دوا بکەوێ،
لەنێوان خەون و بەدیهێنان تەنها ئارامگرییەکی جوان هەیە...
ئەوە بەسە بۆ تۆ کە خودای گەورە بەبێ هەژمار پاداشتی
ئارامگران دەداتەوە.
بۆ ڕابردووت دڵتەنگ مەبە،
ڕقت لە ئێستا نەبێتەوە،
لەبارەی داهاتووشتەوە ڕەشبین مەبە.

Scanned by TapScanner

هاوڕێکەم، قورئانەکەت بکەرەوە، بیخوێنەوە...
سەڵاواتێك لە دیداری پێغەمبەری ئازیز بدە و لەوانە مەبە کە
هەجری قورئان و سەڵاواتی دیداری پێغەمبەری ئازیزیان کردووە.

-اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ
وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيد-

گوتیشم:
هەرکەس داوای ڕەزامەندیی خودا بکات، پێی دەگات.



هیچکەس لە تاوان سەلامەت نابێ،
بەڵام سوپاس بۆ خودا دەرگای گەڕانەوە هەمیشە واڵایە.
﴿ ...إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾ [لقمان: ١٨].
واتە: ((... بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە
خۆهەڵکێش و فەخرفرۆش و فیزاوین)).
تا خاکیبوونت زیاتر بێ، نزیکبوونەوەت لە خۆشەویستیی خودا
زیاتر دەبێ.
(بۆیە واز لە خۆبەگەورەزانین بهێنە و خاکیی بژی و ملکەچی خودا بە).
وەك چۆن هاوسەرێکی چاکەکار باشترین سامانی دونیایە...
بە هەمان شێوە باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە سامانی
ئاخیرەت و سەرکەوتن تیایدا.

Scanned by TapScanner

تۆ خەمت نییە!

بەڵکوو تۆ تەنها تاوانت هەیە و دونیای لێ قورس کردووی!

هەندێك ڕوخسار هەن، بەوەی کە لە نهێنیدا ئەنجامی داوە خودا شکۆداری کردووە،

هەر کە بیانبینی خۆشت دەوێن، بێ ئەوەی نهێنییەکە بزانی.

ڕەنگە هەندێ جار ڕوحت بوێرانە هەڵبگەڕێتەوە لەبەرامبەر ئەو بڕیارەی بە عەقڵت داوتە.

چارەنووسەکان تەنها خودا دەیانزانێ، مرۆڤیش دیارییان دەکات...

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گەڕانەوەیەکی هۆشمەندانە و هەڵاتندا هەیە.



لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و ئەزموونەکان و زیادبوونی هۆشمەندی و هۆشیاری،

هەست بە ڕاستییەکە دەکەیت (زۆر جاران پاشەکشە، جگە لە شتە جێگیرەکان گەورەیییە).

دواتر دەزانی ئەمە نە لاوازییە و نە ڕووشانی کەرامەتە، بەڵکوو بریتییە لە پێگەیشتن و دانایی...

هەروەها بریتییە لە دووربینی و فراوانبوونی ژیری...

هەروەها دڵنیاییە لە ژیان و تەواویەتییە لە متمانە و هێز.

ڕەنگە ئەوەی بەنەرمونیانی بەدەستی دەهێنی، بە هێز بەدەست نەیەت.
ئەگەر ئێمە ڕاستگۆ بین و لە نیەتەکانماندا ڕاست بین، ئەوا ناشێ
پەشیمان بینەوە، تەنانەت ئەگەر باجی ئەوەش بدەین،
چونکە مرۆڤ لەسەر دڵسۆزی و بەئەمەکی هیچکات پەشیمانی
دەر نابڕێ،
ڕەنگە بۆ ماوەیەك دڵتەنگ بێ،
بەڵام تا دڵسۆز بێ، پەشیمان نابێ.

با بزانی کە خۆشەویستی شتێکی گەورە نییە!
بەڵکوو بریتییە لە هەزار شتی بچووکی ڕاستگۆ.



شێوەیەك... هاوشێوەی یوسف (علیه السلام)
بەڵام دڵێکی هەڵگرتووە هاوشێوەی دڵی براکانی.
لە لووتکەی بێبەشبوونم لە سۆز و خۆشەویستی و بەشداری و چاودێری، هەر ڕۆژێك لەم دونیایەدا بەسەرمدا تێپەڕ دەبوو، ئەوا دڵنیاییم لە چاودێریی خودا، پاشان هۆشیاری و هەستکردنی زوو و کارکردن لەسەر دەروونی خۆم زیاتر دەبوو...
چوونکە من لە خانەوادەیەکی جێگیر و ئاساییش، هاوشێوەی زۆرێك لە مرۆڤەکان گەشەم نەکردووە، بەڵکوو زۆربەی ژیانی منداڵیم بە تەنهایی و بێبەش لە چاودێریی مرۆڤەکان بەسەر بردووە...
ئەمانەش بە نیعمەتێکی گەورەی پەروەردگار دەزانم.
﴿... وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ [البقرة: ٢١٦]
واتە: ((... بێگومان خوا خۆی ئەزانێ چ شتێ چاکە و چ شتێ خراپە، بەڵام ئێوە نایزانن)).
﴿ ...فَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـًٔا وَيَجۡعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيۡرًا كَثِيرًا﴾ [النساء: ١٩].
واتە: ((... چوونکە گەلێ شتی وا هەیە ئێوە خۆشیتان لێ نایە، کەچی خوا خێر و چاکەیەکی زۆری تێدا داناوە)).
ئەگەر گووتنی « لا إلهَ إلاَّ اللّه » واتایەك لە دڵ بەرهەم بێنێ، بۆچی پەنا بۆ فڵان دەبەیت و لە فڵان دەپارێیتەوە و لە فڵان دەترسیت؟

مادام تۆ دەڵێی «لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه» و لە لاشەوە بە غەیری ئێمە هۆگر بوویت، ئێمە بۆ تۆ نین، تۆش بۆ ئێمە ئیت.

هەر کەسێك بۆ خوا بێ، خوداش بۆ ئەوە:

﴿... وَكَانُوا۟ لَنَا خَـٰشِعِينَ ﴾ [الأنبياء: ٩٠]

واتە: ((... لەئاست ئێمە هەموو کات خۆبەکەمزان و ملکەچی کار و فەرمانی ئێمە بوون)).

﴿... وَكُنَّا لَهُمْ حَـٰفِظِينَ ﴾ [الأنبياء: ٨٢]

واتە: ((... خۆشمان چاودێر و پارێزەریان بووین)).

پێشەوا «غەزالی» (خودا لێی خۆش بێ).

کەمیی پەیڕەوانی ڕێگەی حەق دەستخەڕۆت نەدا...

زۆریی شوێنکەوتووانی ڕێی ناڕەواییش فریوت نەدا...

تۆ کۆمەڵێکی، ئەگەرچی بەتەنهاش بی...

﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا ...﴾ [النحل: ١٢٠].

واتە: ((بەڕاستی ئیبراهیم (علیه السلام) هەر خۆی بەتەنها ئوممەتێك بوو...)).

نامۆ و غەریبی پەیڕەوی ڕێی حەق بە، «طوبی» بۆ نامۆیانی ئەو ڕێگەیە.

بشزانە تۆ بە ڕۆژگارێکدا تێپەڕ ئەبی، کەسی دەستگرتوو بە ئایینەکەی، وەك ئەوە وایە دەستی بە پشکۆی ئاگرەوە گرتبێ.



پەروەردگارا، حاڵم بۆ حاڵێك بگۆڕە کە پێی ڕەزامەندی و خۆشت دەوێ، باوەڕێکی ڕاستەقینەشم پێ ببەخشە، کە هیچ شتێك نەیشێوێنێ.

تۆوی خۆشەویستی لە دڵی خەڵکیدا بچێنە، بە ڕەفتار و مامەڵەی جوان ئاوی بدە...

ژیان بەردەوام نابێ، بۆیە شتێکی جوان ئەنجام بدە، تا لە دڵی ئەواندا بمێنێتەوە...

Scanned by TapScanner

خۆتە بە، تۆ ئەو ناوونیشانە نیت کە خۆت بە خۆتت بەخشیوە،
یانیش کەسانی تر بۆیان داناویت.
تۆ خەمۆکی و ڕاڕایی و دوودڵی و بێهیوایی و شکست نیت...
تۆ کێش و شێوە و قەبارە و ڕەنگی خۆت نیت...
تۆ نە ڕابردوو و نە ئێستا و نە داهاتوویت...
تۆ گەورەترین و ڕێزدارترین دروستکراوی خودایت!

به ڕووی ئەوانی تردا زەردەخەنە بکە،
زەردەخەنە لەسەر لێوانیان بڕوێنە،
تا بە هەر زەردەخەنەیەك، چاکەیەکت دەست بکەوێ،
زەردەخەنە بکە، ژیان بە ڕووتدا پێدەکەنێ.

Scanned by TapScanner

# چرپــەیــەک

Scanned by TapScanner

گەورەترین هۆکار بۆ سەرکەوتن و ژیرییەکەت و بڕوانامەکەت و زانیارییەکانت و پەیوەندییەکانت نین!

بەڵکوو نیەتە باش و بێگەردەکەتە لەپێناو خودا،

هەر ئەوە دەرگای ڕزقوڕۆزی و سەرکەوتنت بۆ واڵا دەکات،

بە شێوەیەك، کە هەرگیز بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ.

بەو بیرکردنەوە ئەرێنییانەت دەست پێ بکە کە بەختەوەری بۆ ڕۆژەکەت دەنەخشێنن،

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت برۆ بۆ ئاسمان، بەرەو ژیان بڕۆ و بۆ غەیری خودا مل کەچ مەکە.

Scanned by TapScanner

﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر: ٤٩]

واتە: ((بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە)).

ترسەکانت، غەم و پەژارەکانت، هەموو ماندووبوون و شەکەتییەکانت، هەموویان بە قەدەری خودان...

بۆیە درێژە ناکێشن، دڵت پڕ بکە لە یەقین، بە ئارامی و دڵنیایی ڕێ بکە...

هەموو ئەندازەگیرییەکانی خودا خێرن!

ئەگەر شتێکت خۆش ویست و خودا لێتی شاردەوە، ئەوا، دڵتەنگ مەبە...

چوونکە بەخششی زاتی ئەو ڕەحمەتە، لێسەندنەوە و قەدەغەکردنی دانایی و حیکمەتە.

پەروەردگارا، ئارامییەکمان پێ ببەخشی کە هەمیشە بردنی گومانی باش بە زاتی تۆی هاوەڵ بێ.

بەردەوام هاوەڵی قورئان بە، ئەگەر کەمتەرخەمترینی کەسەکانیش بیت،



قەسەم بە زاتی خودا، هیچ کتێبێکم نەبینیوە هاوشێوەی قورئان دەروون پەروەردە بکات، لە هەمان کاتدا ڕەوشتەکانت بەرەو باڵا ببات و گوتنەکانت پاک ڕابگرێ و ڕوحت بەرز بکاتەوە...

ئبەختەوەریی تۆ لەگەڵ قورئاندایە، بۆیە هەرگیز لێی دامەبڕێ.

پەژارە و کڵۆڵیت هەرچەندێك بێ، بەیانییەکە زەردەخەنەیەك بکە، ڕۆژەکەت بەرەو باشتر ببە...

چاوەڕێ مەکە بەختەوەرییەکان بەپیرتەوە بێن، بەڵکوو تۆ بەرەو لایان بڕۆ...

چوونکە بەندە هەر ئەوە بەشیەتی کە هەوڵی بۆ داوە.

کەسی گەشبینیش جگە لە گەیشتن بە ویستەکانی، بە هیچی تر ناگات...

بێهیوا و بێئومێدیش جگە لە تاریکی، هیچی تر بۆ دەروونی خۆی دەستەبەر ناکات...

نە خۆر لە دەرگا داخراوەکان دەچێتە ژوور، نە ئەستێرەش تاریکە شەویان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە!

هەستە و ڕێگەی بە هەشت بگرە بەر، پەروەردگار بە قەدەری خۆی بۆ هەرکوێی بردی، لەوێ گەشە بکە و هیواکانت بەدی بهێنە.

پەروەردگارا، ڕۆژەکانی ژیانمان پڕ بکە لە بەختەوەری و نزیکی لە زاتی خۆت.

خۆشەویستیی خەڵکی ڕزقێکی گەورەی خودایە، گەنجینەیەکە هیچ نرخێکی لەبەرامبەردا نییە، نە دەفرۆشرێ و نە دەکڕدرێ، تەنانەت ئەگەر بەندە تەواوی گەنجینەکانی دونیای لەپێناودا ببەخشێ.

پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمووێ:

﴿... لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ...﴾ [الأنفال: ٦٣]

واتە: ((... ئەگەر هەرچیی دارایی زەوی هەیە، هەر هەموویت خەرج بکردایە تا دڵەکانیانت پەیوەند بە یەکتری بکردبا، ئەوە نەتدەتوانی ئەو دڵانە پەیوەست بکەیت بە یەکەوە...)).

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، خۆشەویستیی یەکتری پێ بەخشیوین، خۆشمان دەوێن و خۆشیان دەوێین، ئەمەش گرانبەهاترین گەنجینەی سەر زەوییە.

﴿...إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ...﴾ [التوبة: ٤٠].

واتە: ((... پەیامبەریش(ﷺ) بە هاوەڵەکەی -کە ئەبوبەکری سدیق بوو- فەرمووی: ترست نەبێ، چوونکە خوا لەگەڵمانە...)).

Scanned by TapScanner

گەورەترین هاوڕێیەتی ئەوەیە کە قورسییەکانی ژیانی دونیات
لەسەر سووك بكات و لە خودات نزیك بكاتەوە.
یەكێك لەو شتانەی کە پێویستە هەڵوەستەیەکی لە سەر بکەیت،
پاڕانەوە و نزاكانتە!
پاڕانەوەكانت بۆ چین؟ داوای چ شتێکیان تێدا دەکەیت؟
لە ئایەتێکی قورئاندا وەسفی جۆرێك لە نزای بەندەکان کراوە،
پەروەردگار دەفەرمووێ:
﴿ ...فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ﴾ [البقرة: ٢٠٠].
واتە: ((... جا هەندێک لە خەڵکی هەیە کە دەڵێن: پەروەردگارا، هەرچیمان پێ دەبەخشیت لە دنیادا پێمان ببەخشە، بێگومان ئەو جۆرە کەسە لە قیامەتدا بێبەهرە و بێبەش و بێڕێزە)).

نزا و پاڕانەوەکانت گوزارشتن لە:
خودایە هاوسەرگیریم بۆ ئاسان بکەیت...
خودایە سامانم پێ بدەیت...
خودایە کارێکم دەست بکەوێ...
خودایە نەوەم پێ ببەخشی...
خودایە خانەوادەکەم سەلامەت بکەی...
خودایە خانووم پێ ببەخشی...



خودایە گەشت بکەم...
خودایە پڕۆژەکە سەرکەوتوو بێ...
خودایە لە ئیشەکەم قبوڵم بکەن...
خودایە کێشەکەم چارەسەر ببێ...
نزاکانت هەمووی گوزارشتن لە دونیا، بەڵام ئەی ئاخیرەت؟
چرکەساتی مردن و ساتی دەرچوونی ڕوح؟
دۆخی گۆڕت؟ ئەی کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنت؟ باشە ئەی بەهەشت؟
باشە ئەی ئاگری دۆزەخ و ڕەزامەندیی پەروەردگار چی؟
هەڵوەستەیەك لە نزاکانت بکە...
بۆت دەر دەکەوێ کە تۆ زیاتر دوای کامیان کەوتووی و دەستت زیاتر بە کامیانەوە گرتووە.
بیر بکەوە و ڕابمێنە، کامیان زیاترە؟
بەدڵنیایی هیچ کێشەیەك لەوەدا نییە کە تۆ داوای هۆکارەکانی خۆشگوزەرانیی دونیا بکەیت، بەڵام با هەمیشە پاڕانەوەکانت زیاتر بۆ ئاخیرەت بن، چوونکە هەرشتێکی دونیا داوا بکەیت فەنابوونی تێدایە، بەڵام نیعمەتەکانی ئاخیرەت نەبڕاوەن.
لە ئایەتی دواتردا پەروەردگار جۆرێکی تر لە نزای بەندەکانی باس دەکات، دەفەرمووێ:
﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ [البقرة: ٢٠١].

واتە: ((هەشیانە کە دەڵێت: پەروەردگارا، لە دنیادا خێرو چاکە و نازونیعمەتمان پێ ببەخشە و لە قیامەتیشدا لە نازونیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکە و لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە)).

(خودایە، هەرچی بۆ دونیا و ئاخیرەتمان باشە پێمان ببەخشە)

تا دەتوانی بە ڕەوشت بە...

ڕەوشتی جوان و مامەڵەی ڕێك

پێگە و پایەیەکی بەرز بۆ خاوەنەکەی بەدی دەهێنێ، کە نە بە ماڵ و نە بە جوانی و تەنانەت بە پۆست و دەسەڵاتیش بەم پێگە و پایەیە ناگات.

هاوڕێکەم، ڕێگەم بدە شتێکت پێ بڵێم...

ئەگەر پشك و بەشی تۆ لە شتێکدا هەبێ، پەروەردگاری مەزن هۆکارەکانت بۆ دەخاتە بەردەم و بۆت ئاسان دەکات، تەنانەت ئەگەر نێوانی تۆ و ئەو شتە بە ئەندازەی دووریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بێ...

پەروەردگار هاوکێشەکانت بۆ پێچەوانە دەکاتەوە، تا پێی بگەیت، بۆیە هیچکات دڵتەنگ و ڕاڕا مەبە...

ئەوەی بۆ تۆ دانراوە هیچکەس ناتوانێ بیبات، ئەوەی بۆ غەیری تۆشە، هەر بۆ ئەو دەبێ.

(قەڵەمەکان هەڵگیران و پەڕاوەکانیش وشك بوون)



هیممەتی یەکتر بەرز بکەنەوە، هەستی یەکتر ڕابگرن و ڕەچاوی یەکتر بکەن، وشەکانتان لە بێژنگ بدەن و باشەکانیان بژاردە بکەن، بە کردەوەکانتان نەرمی بنوێنن، ئەمانەشتان بیر بێ: هیچکەس ئازار مەدەن، تەنها چاکە بە خەڵکی بڵێن، بەپاکی بژیین، ئەمەش ڕێبازی پێغەمبەران و ڕەوشتی شکۆدارانە.

براکەم، خوشکەکە... وەسیەتی من بۆت:

- پێش ئەوەی پێکەنینەکانی دایکت لەدەست بدەیت، چاکەکار بە لەگەڵیدا.
- سەیرکردنێکی باوکت بەشانازییەوە لە هەزار بڕوانامە باشترە.
- ڕێکخستنی شتە تایبەتەکانی خۆت لە ژوورەکەتدا، بەڵگەیە لە سەر پوختەیی و سەلیقەی بەرزت، هەروەها هەستکردنت بە بەرپرسیارێتی.
- زەردەخەنەیەکت لە ماڵ، زۆر باشترە لە پێکەنینت بەرامبەر بە کەسێك لە دەرەوە.
- ڕەوشتی بەرزت بەڵگەیە لەسەر پەروەردەکرنێکی ڕەسەن.
- خۆشەویستی بۆ کەسانی تر، بەڵگەی باوەڕدارێتە.
- پابەندبوونت بە بەڵێن و وادەکان، بەڵگەی ڕاستگۆییتە.
- فڕێنەدانی پاشماوەکان، بەڵگەی پاکیتە.
- ڕێزگرتنت لە کەسانی بەتەمەن و ژنان و منداڵان، بەڵگەی دڵباشیتە.



- نەرمونیانیت لەگەڵ سواڵکەراندا و هەڵنەشاخانت بە ڕووی لێقەوماندا، بەڵگەی ڕوحسافیتە.
- چێژوەرگرتنت لە چرکەساتەکانی ژیان، هۆکاری بەختەوەریی ئێستاتە.
- گەشبینیی فراوانت، بەردەوام واقیعت بۆ دووبارە دەکاتەوە.
- دوورکەوتنەوەت لە مشتومڕ، واتە کڕینی ئارامیی مێشك.
- وەك خۆت بژی، مەبە بە کۆپیی هیچ کەسێك و لە کەسایەتیی هیچکەسدا مەتوێوە.
- پێش ئەوەی قسە لەبارەی هاوڕێکەتەوە بکەیت، سەیر دۆخی خۆت بکە لەگەڵ ئەودا.
- چاوەڕوانی پەیامێك لە غەیری خۆت مەکە، ئەگەر تۆ دەستپێشخەریی ناردنی پەیامێکت بۆ کەس نەکردبێ.
- بیرت بێ، پاداشت لە ڕەگەزی کارە، چی بچێنی ئەوە دەدووریتەوە.
- ئاگاداری خۆت بە، من خۆشیم بۆ تۆ دەوێ...

Scanned by TapScanner

# کۆتا دیاری

ئەو فەرموودانەی بە «باشترینتان» دەست پێ دەکەن شێخ «د.أحمد الباتلی» هەموویانی کۆ کردۆتەوە زیاتر لە چل فەرموودەیە سوور بە لەسەر ئەوەی باشترینی دروستکراوەکان بیت.

ئەمانە زۆربەی فەرموودەکانن:

Scanned by TapScanner

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:

- ((خيرُكم مَن تعلَّم القرآنَ وعلَّمه)) [صحيح البخاري]

واتە: ((باشترینتان ئەوانەن قورئان فێر دەبن و خەڵکیش فێر دەکەن)).

- ((خيارَكم أحاسنُكم أخلاقًا)) [صحيح البخاري]

واتە: ((باشترینتان چاکترینتانە لە ڕەوشت)).

- ((فخِيارُكم في الجاهليةِ خِيارُكم في الإسلامِ، إذا فَقُهوا)) [صحيح البخاري]

واتە: ((باشترینتان پیش ئیسلام -لە سەردەمی نەفامی-، باشترینتانە لە ئیسلامدا، ئەگەر لە ئیسلام تیبگەن)).

Scanned by TapScanner

- ((فإنَّ من خيرِكُم أحسَنَكُم قضَاءً)) [صحيح البخاري]
واتە: ((باشترینتان چاکترینتانە لە دانەوەی قەرز)).

- ((خيرُكُم خيرُكم لأهْلِه، وأَنَا خيرُكم لأهْلِي)) [صحيح ابن حبان]
واتە: ((باشترینتان باشترینتانە بۆ ماڵ و منداڵ و خێزانەکەی، منیش باشترینی ئێوەم بۆ ماڵ و منداڵ و خێزانەکەم)).



- ((خيرُكُم مَنْ أطْعَمَ الطعامَ، وردَّ السلامَ)) [صحيح الجامع]
واتە: ((باشترینتان ئەوانەن کە خواردن بە خەڵکی دەدەن و وەڵامی سەلام دەدەنەوە)).

- ((خيرُكُم مَن يُرجَى خيرُهْ ويُؤمَنُ شرُّه)) [صحيح الترمذي]
واتە: ((باشترینتان ئەو کەسەیە کە چاوەڕێی خێری لێ دەکرێت و لە شەڕ و خراپەی ئەرخەیانن)).

- ((خيرُ الناسَ أنفعُهُمْ للناسِ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترینی خەڵکی، بەسوودترینیانە بۆ خەڵکی)).

- ((خيارُكم أَلْيَنُكُم مناكبَ في الصَّلاةِ)) [صحيح الترغيب]

واتە: ((باشترینتان ئەوانەن کە ڕێ بەو کەسانە دەدەن کە کەسێك لەناو ڕیزی نوێژ دێتە تەنیشتی، ئەوا ئەوان شانیان نەرم دەکەن بۆیان)).

- ((خيارُ عبادِ اللهِ الَّذينَ إذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ)) [صحيح الترغيب]

واتە: ((باشترینتان ئەوانەن کە هەرکاتێك ببینرێن، خەڵکی یادی خوایان دێتەوە یاد)).



- ((خيرُ النَّاسِ مَن طالَ عُمرُه وحَسُنَ عملُه)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترینتان ئەو کەسەیە کە تەمەنی درێژە و کار و کردەوەشی جوانە)).

- ((خيرُ الناسِ ذُو القلبِ المخمُومِ واللسانِ الصَّادِقِ...)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترینی خەڵکی ئەو کەسەیە کە خاوەنی دڵێکی پاك و بێگەردە لە خۆشویستی بۆ خوادا، دڵێکی لە خواترس و بێستەم و بێ ڕق و کینە و بێحەسادەتی هەیە، لەگەڵ ئەوانەشدا زمانێکی ڕاستگۆی هەیە)).

- ((خيرُ الأصحابِ عندَ اللهِ خيرُكم لصاحبِه، وخيرُ الجيرانِ عندَ اللهِ خيرُكم لجارِه)) [صحيح الأدب]

واتە: ((باشترین هاوەڵ لای خودای گەورە باشترینتانە بۆ هاوەڵەکەی، باشترین دراوسێش لای خودای گەورە باشترینتانە لەگەڵ دراوسێکەی)).

- ((خيارُ أئمتكم: الَّذين تُحبُّونهم ويُحبُّونكم)) [صحيح مسلم]

واتە: ((باشترینی پێشەواکانتان ئەوانەن کە خۆشتان دەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت)).



- ((خيرُ الأسماءِ عبدُ اللهِ وعبدُ الرَّحمنِ)) [صحيح مسلم]

واتە: ((باشترینی ناوەکان لای خودا -کە منداڵەکانی خۆتیانی پێ ناو بنێن- «عبدالله» و «عبدالرحمان»ن)).

- ((خيرُ البقاعِ المساجدُ، وشرُّ البقاعِ الأسواقُ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((چاکترین شوێنی سەر زەوی مزگەوتەکانن، خراپترینیشیان بازاڕەکانن)).

Scanned by TapScanner

- ((خيرُ الصَّداقِ أيسرُه)) [صحيح الجامع]

واتە: ((چاکترین مارەیی ئەوەیە کە ئاسانترینیان بێ)).

- ((خيرُ الصدقةِ ما كان عن ظهْرِ غِنًى)) [صحيح البخاري]

واتە: ((چاکترینی خێر و بەخشین ئەوەیە کە مرۆڤ لە هەگبە و هەمبانەی پڕدا ئەنجامی بدات)).

- ((خيرُ العملِ أن تُفارِقَ الدنيا ولسانُك رَطبٌ من ذكرِ الله)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین کردەوە ئەوەیە کە دونیا جێ بهێڵی، لە کاتێکدا زمانت بە یادی خودا تەڕ و پاراو بێ)).



- ((خَيْرُ الْكَسْبِ كَسْبُ يَدِ الْعَامِلِ إِذَا نَصَحَ))

واتە: ((باشترین کەسابەت و کار، کار و کاسبیی دەستی کرێکارێکی ئامۆژگاریکارە)).

- ((خيرُ المجالسِ أوسعُها))

واتە: ((باشترین کۆڕ و دانیشتنەکان ئەوانەن کە فراوانترینیانن)). ئاشکرایە مەبەست لێی کۆڕ و دانیشتنی خێرییە، مەبەستیش لە فراوانییەکەی بۆ ئەوەیە تا زۆرترین کەس بەشداری بکەن و برایەتی و خۆشەویستییان پتەوتر بێ.

- ((خيرُ التابعين أُوَيسٌ)) [صحيح مسلم]

واتە: ((باشترینی شوێنکەوتووان ئوەیس))ە، -ئوەیسی کوڕی عامڕی ئەلقەرەنی-.

- ((خيرُ الدُّعاءِ يومُ عرفةَ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین نزا و پاڕانەوە، نزا و پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفەیە)).



- ((إِنَّ خَيْرَ دِينِكُمْ أَيْسَرُهُ)) [صحيح الترغيب]

واتە: ((باشترینی ئایینەکەتان ئاسانترینیانە)). مەبەست لێی ئەوەیە بە کەمترین ماندووبوون و شەکەتی بگەیت بە ئامانج، نەوەك کەمکردنەوەی پەرستشەکان.

- ((خيرُ يوم طلعت عليه الشَّمسُ، يومُ الجمعة)) [صحيح مسلم]

واتە: ((چاکترین ڕۆژ کە خۆری تێدا دەر کەوتبێ، ڕۆژی هەینییە)).

- ((خَيرُ نِساءِ العالَمينَ أربَعٌ: مَريمُ بنتُ عِمرانَ، وخَديجةُ بِنتُ خُوَيْلِد، وفاطِمةُ بِنتُ مُحمدٍ، وآسِيةُ امْرأةُ فِرعَونَ)) [صحيح مسلم]

واتە: ((چاکترین ژنانی جیهان چوارن: مەریەمی کچی عیمران، خەدیجەی کچی خوەیلید، فاتیمەی کچی موحەممەد، ئاسیای ژنی فیرعەون)).

- ((خَيرُ ماءٍ على وجْهِ الأرضِ ماءُ زَمْزَمَ، فِيه طعامٌ من الطُّعْمِ، وشِفاءٌ من السُّقْمِ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین ئاوی سەر زەوی ئاوی زەمزەمە، هەم خواردنی تێدایە، هەمیش چارەسەرە بۆ نەخۆشی)).



- ((خَيرُ ما رُكِبَتْ إليه الرَّواحِلُ مسْجِدِي هذا والبيتُ العتيقُ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین شوێن کە بەندە سەفەری بۆ بکات، ئەو مزگەوتەی منە، هەروەها مزگەوتی حەڕام -کەعبە-)).

- ((خَيرُ ثِيابِكم البَياضُ، فَكفِّنُوا فيها مَوتاكُم، وألْبِسُوها أحياءَكُم..)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترینی جلوبەرگتان ئەوەیە کە ڕەنگی سپی بێ، مردووەکانتان بەو ڕەنگە کفن بکەن، زیندووەکانیشتان لەو ڕەنگە بپۆشن)).

Scanned by TapScanner

- ((خيرُ صفوفِ الرجالِ أولُها، وشرُّها آخرُها، وخيرُ صفوفِ النساءِ آخرُها، وشرُّها أولُها)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین ڕیزی پیاوان لە کاتی نوێژدا ڕیزی یەکەمە، خراپترینیان کۆتا ڕیزە، باشترین ڕیزی ئافرەتانیش کۆتا ڕیزە، خراپترنیشیان یەکەم ڕیزە)).

- ((خيرُ النَّاسِ قرني، ثمَّ الَّذين يلونَهم، ثمَّ الَّذين يلونَهم)) [صحيح البخاري]

واتە: ((باشترین کەسانی باوەڕدار ئەوانەن کە لە سەردەمی مندان، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن)).



- ((خيرُ النِّكاحِ أيسرُه)) [صحيح الجامع]

واتە: ((چاکترین هاوسەرگیری ئەوەیە کە ئاسانترینیان بێ)).

- ((خيرُ النِّساءِ التي تسُرُّه إذا نظرَ، وتُطيعُه إذا أمرَ، لا تُخالفُه في نفسِها ولا مالِها بما يكرهُ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترینی ئافرەتان ئەو ئافرەتەیە کە مێردەکەی بە بینینی دڵخۆش دەبێت -بە ڕوویەکی گەش و جوانەوە ڕوبەڕووی مێردەکەی دەبێتەوە-، کە کارێکیشی پێ دەسپێرێ، جێبەجێی دەکات و گوێڕایەڵ دەبێت -گوێڕایەڵی لە کاری شەرعیدا، بە پێچەوانەوە، گوێڕایەڵی ناکرێ-، بە گیان و ماڵیشی یارمەتیی دەدات و لەو شتانەدا لە فەرمانی دەر ناچێت کە ڕقی لێیەتی)).

- ((خَيرُ دِينِكم الورَعُ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین -جۆر لە- دینداری، خۆگرتنەوەیە -لە شتە گوماناوییەکان-)). بەدڵنیایی هەرکەس خۆی لە شتی گوماناوی بپارێزێ، ئەوا نزیکی حەرام و قەدەغەکراوەکان نابێتەوە.

- ((خَيرُ مساجدِ النِّساءِ قَعرُ بُيُوتِهنَّ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین مزگەوتی ژنان بۆ نوێژکردنیان، ماڵەکانیانە)).



- ((خَيرُ ما تَداوَيتُم به الحِجامةُ)) [صحيح الجامع]

واتە: ((باشترین شت کە خۆتانی پێ چارەسەر بکەن، بریتییە لە کەڵەشاخ)).

بەم شێوەیە دوای چەند وتەیەکمان لە سەر پێگەیەکی بەرز و کردەوەیەکی گەورەی دڵ، کە گرنگترین و سەرەکیترین کردەوەیە، ئەویش خۆشەویستیی خودا و بەرزکردنەوەی هیممەت بوو، کۆتایی بە ڕازەکان دەهێنم.

Scanned by TapScanner

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته...

ئەگەر کۆتاییت بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە هێنا، لە نزا و پاڕانەوەکانت بێبەشمان مەکە، هەروەها نزا بۆ تەواوی موسڵمانان بکە، سا بەڵکوو نزاکانتان ببن بە مایەی هیدایەت و ڕێنموونی بۆ زیندووان و ڕەحمەت و لێخۆشبوونیش بۆ مردووان... خودای گەورە پاداشتی ئێوەی ئازیزیش بداتەوە.

سوپـــاس بۆ خــودا
بە پایـــان گەیشت

Scanned by TapScanner

بەرزکردنەوەی هیممەتی دەوروبەر لەلای پەروەردگار یەکێکە لە شکۆمەندترینی پەرستشەکان، هەرکەسێکیش هیممەتی خەڵکی بەرز بکاتەوە، ئەوا پەروەردگار لە مەترسی دەیپارێزێ و بەرزی دەکاتەوە.

لەم کتێبەدا چەندین ڕاز و دەقی جوان و موناجاتم لەگەڵ خودا نووسیوە، وشەکان هەمەجۆر و دەستەواژە و گوزارشتەکان هەمەچەشنن و لە یەکتر جیاوازن.

من لەم کتێبە خاکی و سادەیەدا تەنها ئەو ڕازانەم نووسیون کە دڵمیان ئۆقرە پێ گرتووە و عەقڵ و هۆش و ئاوەزیان قەناعەت پێ کردووم.

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، کە تەمەنی پێ بەخشیم بۆ بەهایانگەیشتنی.

سەلامی پەروەردگار برژێ بەسەر تۆ و دڵی پڕ لە ئازارت، دەمەوێ هەواڵی شتێکت پێ بدەم کە زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوانت و دەتخاتە پێکەنین...


٢٥٠٠ دینار

ISBN.978_9922_646_73_2

9 789922 646732



07501269689
07701932749

hakem1423@yahoo.com
remwen2009@yahoo.com